# لە زانکۆی سلێمانی بۆ بەشداری زانکۆکانی عێراق پێشبڕکێیەکی زانستی ئەنجامدرا

ڕۆژی سێشەممە (5ی ئەیلولی 2023) لە زانکۆی سلێمانی بۆ بەشداری زانکۆکانی عێراق پێشبڕکێیەکی زانستی ئەنجامدرا.

ڕێبوار عەلی محەممەد، ڕێکخەری پێشبڕکێکە بە میدیاکانی ڕاگەیاند، "زانکۆی سلێمانی ئەمڕۆ پێشوازیکرد لە زانکۆکانی عێراق بۆ وەرگرتنی 76 پرۆژەی زانستی لە زانکۆ بەشداربووەکان"، ئاماژەی بەوەشکردووە، "ژمارەی ئەو پرۆژە زانستییانەی کە هەڵبژێردراون بریتییە لە 13 پرۆژەی زانستی کە تایبەتن بە ژینگە و سێ پرۆژەی زانستی لەنێو هەموو پرۆژەکاندا لەلایەن لیژنەیەکی زانستی تایبەتمەندەوە هەڵبژێردراون"، ڕوونیکردەوەش، "ئەو سێ پرۆژەیە بەشداری لە پێشبڕکێی بەرلین لە ئەڵمانیا دەکەن و هیوادارین یەکێک لەو سێ پرۆژەیەی کە ئەمڕۆ بردیانەوە، لە یەکێک لە ناوەندە پێشکەوتووەکانی بەرلین بەشداری دەکات"، هەروەها پرۆژە براوەکانی پێشبڕکێی بەرلین لە ئەڵمانیاوە دەرماڵە وەردەگرن بۆ جێبەجێکردنیان و خاوەنەکانی باجی داهێنانامە وەردەگرن.